# قەلەندەر و ئەوداڵ ی شوانکارە

**بەشی دووهەم**

دارشتنەوە بە کوردی: ئازاد کەریمی، ئاتورپاتی پەناگەی ئارونا



زۆر باشە! ئێوە ئێستا خەریکن بەشی دووهەمی قەڵەندەر و ئەوداڵ ئەخوێننەوە وا چەند هەفتەی پێشوو بڵاوم کردەوە.

دیسان ئەڵێمەوە بەتەما مەبن ئەوەی لەم بابەتەدایە گشت ئەوە بێ وا ئێوە دڵتان پێوەیە بیخوێننەوە و هەستی بەدواداچوونتان لە جووڵە بخەن! لە بەر ئەوەی دز و درۆزن زۆرن و من ماندوو دەبم و دەسبڕ و گوێبڕ لێی ئەحەسێتەوە. منیش وەک کوردیی خۆمان ئەڵێ سوغرەکێشی شەیتان نیم بە خۆڕایی کەد و دەسکەوتم بدەم بە دەست پێش هەموو کەس نەیارانی نەتەوەکەم... منیش یەکێک لەو نەتەوەم وا ناهێڵن گەشە بکا. ئەوەیشی ئەیکەم بۆ ئەوەیە لە دەم دوژمن بدەم و دووری بخەمەوە لە خۆمان. هەر بۆیە دووگ نادەم بە دەم پشیلەوە... لە بەر ئەوەی هەر چی بۆ بێگانە بکەی بە فیڕۆ ئەچێ. ئەویش فارس وا سێبەری بۆ ... ی خۆیشی نیە. زۆر ببوورن ئەوە گفتی کوردی یە. تا بکەی بێگانە پەرستی، شکستی!

زۆر کاتتان ناگرم. وام ئەزانی بەسەرهاتی قەڵەندەرشای وەنەوشە و ئەوداڵ شای تیراوێ بەم بەشە کۆتایی پێدێ. بەڵام وانیە... دواتر ئەزانن بۆ...

ئەم بە سەرهاتە باسێکی دێرینە و هی سەردەمی ئوستورەکانە. بەڵام بە داوای لێبوردنەوە با ئەوەش بڵێم هەتا نەزانی چ باسە خوێندنەوەی ئەم دەقانە تەنیا وەک دەقێکی " چیروانۆکی" تەمەشا بکەن و لە بینینی ناوی شار و گوندە کوردیەکان لە نێو ئەم دەقانەدا چێژ وەر بگرن.

بەڵام ڕۆژێک ئەبێ ڕاستیەکان دەرئەکەون و ئەوسا کاتێ ئەگەڕێنەوە بۆ خوێندنی دووبارە ئەم دەقانە تێئەگەن ناوئاخنی ئەم دەقانە چین.

زۆر ببوورن به سانسۆری دڵسۆزانەوە ئەم دەقانەتان بۆ بڵاو ئەکەمەوە بەڵام موویێک لە بەراز لێکەیتەوە هەر باشە!

شوانکارە نازناوی ئەودالّ شایە... تایبەتمەندی ئەم دەقە ئەگەڕێتەوە بۆ ئاماژە کردن بە هەندێ وردەکاری سەبارەت بە ناساندنی هەندێ پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و بۆ وێنە تەنگیوەری وەزیری قەڵەندەرشا دەوری سەرەکی ئەبینێ لەم دەقەدا.

پێم وایە بە دەسانقەست ئەم دەقانە وا نووسراون و زۆر ژیرانە لە هەر دەقێکدا دەوری کەسانێکی جگە لە کەسایەتی قەڵەندەر و ئەودالّ قوت دەکرێنەوە بەڵام شا هەر لە لای سەرووە دانیشتووە و سێبەری قورسە بە سەر کەش و هەوای چیرۆکەکەوە.

هەر وەک کوتم ئێوە لە سەرتانە بیخوێننەوە و خۆشحاڵ بن بەوەی خاوەن مێژوویێکی دێرینن بەڵام ئاگادارتان ئەکەمەوە ئەم دەقانە لە بوار مانا و واتاوە زۆر قووڵ و سەیرن.

هیوادارم ڕۆژێک دابێ من بتوانم ئەم دەقە و دەقەکانی دیکەش بە ئاشکرا بڵاو بکەمەوە.

هیوام سەرکەوتنتانە.

III

١-٥ دەلۆ(دیزە)ی ڕاوێستاو لە سەر کۆڵەکەی (پاکار) وا پایینجایە (باینگان) لە ئاست دەشتی درەوشاوی گوڵپێ، ئەو شارەی کە وا لە ئاسمانەوە شۆڕ ئەبێتەوە بە زەوی دا، و وەنەوشە وا ناوبانگی ئەگاتە ئاسمان وەک هەوتەبەرزە (پەلکەزێرینە، کۆڵەکە زێرینە) بەو چەند ڕەنگە درەوشاوەیەوە، وا وەک مانگی نوێ هەڵاڵەی داوە و ڕاوەستاوە بە ئاسمانەوە.

١٣-٦ بە شکۆ و سەربەرزیەوە و بەوپەڕی هێزەوە ئاوەدان کراوەتەوە، چیاییکی درەوشاوە وا لە ڕۆژێکی سازگاردا بەرپا کراوە. وەک تریفەی مانگ وا ئەشنێتەوە بە زەویدا، وەک تیشکی خۆری درەوشاوە وا ئەدا بە زەویدا، ئاوی ژیان لە کۆدۆوە هەڵئەقوڵێ: گشت ئەمانە وەنەوشەیە کە شکۆی ئەگاتە بەرزاییەکان و شەوقەکەی زێوی بێخەوشە، وەک کراس ئەکرێتە بەر تیراوێ و وەک کەتان خۆی ئەدا پیایدا و سێبەر ئەخاتە سەری.

٢٤-١٤ لەو سەردەمەدا ڕۆژ سەرۆک بوو، نانناسوئین (مانگەشەو) ڕێنوێن و ڕێبەر بوو، و ئوتو(هەتاو) شا بوو. ناوی وەزیری شوانکارە ئەودال شای وڵاتی تیراوێ، تەنگیوەر بوو.ناوی وەزیری قەلەندەرشای فەرمانداری شاری گوڵپێ، مادوناوان (باینچو) بوو.

باینچوو لەگەڵ ئیزەد....، لەگەڵ شازادە...، لەگەڵ ئیزەد...، لەگەڵ شازادە...، لەگەڵ ئیزەد...، لەگەڵ شازادە...، باینچوو لەگەڵ ئەو پیاوەی وا بۆ خاوەندارییی هاتووەتەئەم دنیا، ئەو پیاوەی وا بە ناوی خوداوە دەردەکەوێ، لەگەڵ دەسەڵاتداری وەنەوشە ( ئەنوشە)، دەسەڵاتداری گوڵپ، دەسەڵاتداری تیراوێ دەبێ کێبەرکێ بکات و سەرەتا دەبێ سەبارەت بە وەنەوشە بە فرستادە بڵێ:

٣٩-٢٥ با خۆی بدا بە دەستەوە و ئاموری من بدا بە شانیدا. ئەگەر ئەو گوێڕایەڵی من بێ- هەرچەندە بە کردەوە وایە- کەواتە من و ئەو(ویستێکین). ئەو لەوانەیە لەگەڵ ئیزەد هانە لە ئەژار( بەژار)ی تیراوێ بژی بەڵام من لەگەڵ هانە لە ئەزاگین(ئەبەزە)ی تیراوێ ئەژیم. لەوانەیە ئەو لەگەڵ هانە لە سەر تەختێکی بەشکۆدا ڕاکشێ بەڵام من لە خەوی شیریندا لەگەڵ هانە لە سەر تەختێکی ڕازاوەدا ڕائەکشێم، لەوانەیە ئەو لە خەوی شەواندا هانە ببینێ بەڵام من لە وریایی و بێداریدا لەگەڵ هانە قسە ئەکەم. لەوانەیە قەلەندەر جۆ بکاتە بەر قاز( مانای تایبەتی هەیە) بەڵام من هێلکە قازەکان ئەخەمە سەوەتەیێکەوە و ... جوجەڵە قازەکان بەخێو ئەکەم. چکۆلەکان لە مەنجەڵەکەمدا و باڕۆکەکانیان لە ئاوخۆریدا و ئەو دەسەڵاتدارانەی وا خۆیان دا بەدەستەوە، ئەوەی لەو قازانە مابێتەوە لەگەڵ من ئەیخۆن.... ئەمە دەقی قسەکانی ئەودال شایە بە فرستادەی قەلەندەرشا.

٤٠-٥١ نێردەی قەڵەندەرشا وەک بەران ڕائەکات و وەک واشە ئەفڕێ. ئەو بەرەبەیان ئەڕوا و ئێوارە ئەگەڕێتەوە، وەک پەلەوەرە بچوکەکان (پاساری) لە سپێدەدا ئەڕوا بە سەر هەرێمی بازان(کراوە) دا، وەک پەلەوەرە بچووکەکان لە نیوەشەودا لە کەلێنی شاخەکاندا خۆی ئەشارێتەوە. وەک پەرچێوە لە کەناردا ڕاوەستاوە. وەک کەری کەکۆن (کەری کۆن، هێماییکە لە زاراوەی لای ئێمەدا، هێمای بەکاربوون) بە کێواندا ئەڕوا، وەک کەرێکی بەکار و بەهێز غار ئەکا. وڵاخێکی لاواز، پەژمردەی غاردان، بە غار بەرئەبێ. وەک شێرێ لە مەزرا لە بەرەبەیان ئەخوڕێنێ. وەک گورگێ وا بەرخێکی بەدەمەوەیە خێرا دەرئەچێ. کە گەییشتوەتە جێگە تەنگەلانەکان، گۆزە ی بۆ پڕ ئەکا. کە گەییشتووەتە جێگە بەرینەکان، مەرزی شەوی بڕیوە و گەییشتوەتە سبەینێ.

٥٢-٦٩ نێردەی شوانکارە لە جیپاری هەرە پیرۆز گەییشتە خزمەت خاوەن شکۆ قەڵەندەر شا...

نێردە ووتی: شا ئەوداڵ ی وەشمگیران، گڕەزۆی زەمزیران، دەسەڵاتداری هەرێمی تیراوێ منی ناردوەتە خزمەت جەنابت...

هەندێ پسپۆران ئەم دێڕانە زیاد دەکەن بە دەقەکە: خاوەن شکۆی تۆ چی پێیە بۆ گوتن؟ چی لە هەوێڵدا هەیە بیدا بە من؟

- خاوەن شکۆی من ئەڵێ: با خۆی بدا بە دەستەوە و ئاموری من بدا بە شانیدا. ئەگەر ئەو گوێڕایەڵی من بێ- هەرچەندە بە کردەوە وایە- کەواتە من و ئەو(ویستێکین). ئەو لەوانەیە لەگەڵ ئیزەد هانە لە ئەژاری تیراوێ بژی بەڵام من لەگەڵ هانە لە ئەزاگین(ئەبەزە)ی تیراوێ ئەژیم. لەوانەیە ئەو لەگەڵ هانە لە سەر تەختێکی بەشکۆدا ڕاکشێ بەڵام من لە خەوی شیریندا لەگەڵ هانە لە سەر تەختێکی ڕازاوەدا ڕائەکشێم، لەوانەیە ئەو لە خەوی شەواندا هانە ببینێ بەڵام من لە وریایی و بێداریدا لەگەڵ هانە قسە ئەکەم. لەوانەیە

قەڵەندەر جۆ بکاتە بەر قاز بەڵام من هێلکە قازەکان ئەخەمە سەوەتەیێکەوە و جوجەڵە قازەکان بەخێو ئەکەم. جوجەڵەکان (مەنجەڵ هێمای جووجەڵەقازە) لە مەنجەڵەکەمدا و بارِۆکەکانیان لە قۆریدا و ئەو دەسەڵاتدارانەی وا خۆیان دا بەدەستەوە، ئەوەی لەو قازانە مابێتەوە لەگەڵ من ئەیخۆن....

ئەمە دەقی قسەکانی ئەوداڵ شایە بە فرستادەی قەڵەندەرشا.

٧٠-٧٦ دەسەڵاتداری هەرێمی وەنەوشە (دووشان) شا قەڵەندەرە و وەنەوشە لە پانتای خەوگەی زوودایە...

خاوەنی وەنەوشە زووە ، زوو خەوخانەی ئێنکی یە و کڵاوی ئێنکی بە چەشنی هەشتدەرە( سکان کشتی)، ئێنکی ئیزەدی کەشتیوانە. لە پەنای ملیەوە دوو ئاو هەڵقوڵاوە (مەکڵاوە، مەلایر)، دوو ئاو لە شانیەوە شۆڕ ئەبێتەوە هەتا شۆنپێی لە سەر زەوی. چارەنووس هەڵۆییێکە (جەلی، جوڵفا) و لە ئاسمانەوە ئەنیشێتەوە لە سەردەست (سانجوت، ناچیت)ی ئیزەد ئێنکی و مۆلەقە بە ئاسمانەوە لە کاتی شەڕی نێوان بوون و نەبوون دا. ماسیاوی شۆلاوەی سەرشانی شەش ماسی تێدایە و هێمای خۆیەتی کە حاکمی سەیارەی کەیوان یان بەرگەش ە... ئێنکی ماسیگرە و تۆڕی ماسیگران بە شانیەوەیەتی. ئەو تۆڕە سفرەی بەرەکەتە. زیگوراتی پەرستگەی گەورەی تیراوێ، تەنووری گڵینەی چاییوەی تیراوێ یە. لە تیراوێ ... ی گەورە ... ... بێنن(؟) ... ...

٧٧-١١٣ قەڵەندەر دەستی خشاند بە کۆگای خۆڵە پۆتەدا. هەروەها وەک چۆن تۆمارێکی گڵینە بنووسێ ئەو کۆگا خۆڵەی نەخشاند و دەستی بە نووسین کرد: لەوانەیە ئەوداڵ لەگەڵ هانە لە ئەکاشین (کازیوە، ئاوی شیرین) ی تیراوێ نیشتەجێ بێ، بەڵام من لەگەڵ هانە لە گاردین(گەردەوان) ... لە ژێر ناوی هاودەمە زەمینیەکەی هانە ئەژیم. لەوانەیە ئەو لە

خەوی شیرین دا لەگەڵ هانە لە سەر تەختێکی ڕازاوەدا ڕاکشی بەڵام من لە سەر تەختی درەوشاوەی هانە وا بە گیا ناوازەکان ڕازاوەتەوە ڕائەکشێم.

پشتی بەلەجەڕ( ولەژێر، بلەکێ، وەلەشەر، سەرئاولە)ە، پێشەوەی ژێرپێ( ژەپۆڕ، شەپۆڕ)ە. بەلەجەڕ بە دوای شەپۆڕدا دێ و شەپۆر بە دوای بەلەجەڕەوەیە. بە هۆی ئەوەی بەلەجەڕ بە شوێن شەپۆڕەوەیە وشەپۆڕ بە دوای بەلەجەڕەوەیە ڕۆژ هەڵنایێ و شەویش ناڕوات. من دەبمە هاوڕێی هانە بۆ سەفەرێکی پازدە دەوران، بەڵام ئوتو ناتوانێ تاجی پیرۆز ببینێ کاتێ بێتە نێو ژیپاری پیرۆزی منەوە.

ئێنلیل(خاوەن تیردان، کلد) تاج و تەختی ڕاستەقینەی داوەتە دەست من. نینورتا (نەنۆر) کوڕی ئێنلیل هاوکات لەگەڵ ئەوەی کاسەی مانگ (چەرمەگا، گۆلچەرمو،چەل)ی ڕاگرتووە من لە سەر کۆشی خۆی دادەنێ. ئارورو( ڕووار، چەم چەماڵ، ڕووئال دو، چاڵدەران، چاردوری، چادری) خوشکی ئێنلیل مەمکی ڕاستی شۆڕ کردەوە بە ئاراستەی من و مەمکی چەپی شۆڕ کردەوە بەرەولای من.

کاتێ ئەڕۆم بۆ بارەگای گەورە، ژنە مجێوری ئەوێ ئەجیکێنێ وەک جووجەڵەی شادان و جارەکانی دیکەش کە ئەڕۆم بۆ ئەوێ سەرەڕای ئەوەی جووجەڵە مراوی نیە بەڵام وەک جووجەڵە ئەجیکێنێ. ژنە مجێور دوورە لە زێدی خۆی. هیچ شارێ وەک وەنەوشە لە (قولایی)دا درووست نەکراوە.

ئەوێ وەنەوشەیە وا ئێزەد هانە لەوێ نیشتەجێ یە و چ پەیوەندییەکی سەبارەت بە تیراوێ وە هەیە؟ کوبالای(گۆپاڵە، گوڵپە، کوتەڵە، گتۆڵە، باڵەکۆ، باڵەخان، باڵەکان، باڵەک، باڵکان) خانووە بەرزە خشتییەکەیە وا ئێزەد هانە لێی دەژی و سەبارەت بە چیای درەوشاوەی من ئەو دەتوانێ چ بکا؟ بە دڵنیاییەوە ئێزەد هانە بۆ پێنج تا دە ساڵ ناچێ بۆ تیراوێ. لەو سۆنگەوە وا بانەبەژنی پەرستگەی ئەناوە پرسی پێکردم(؟) سەبارەت بەوەی دەمەوێ بڕۆم بۆ تیراوێ یان نا، هەر بۆیە ئەو خانمە ئاگاداری کردمەوە سەبارەت بەم بابەتە پێی گوتم: برۆ بۆ تیراوێ، کەسێ وا هیچی نیە، قازەکان بە جۆ تێر ناکا( کڕوکاش ناکا)، بەڵام من جۆ ئەدەم بە قازەکان(کڕوکاش ئەکەم).

من هێلكه قازەكان لە سەوەتەیەكدا ڕائەگرم تا جوجەڵە هەڵبێنن. بچوكەكان ئەكەمە مەنجەڵەوە و باڕۆكەكانیان ئەخەمە سوراحیەوە و دەسەڵاتدارانی ئەو هەرێمانەی وا دەسەڵاتەكانیان ڕادەست كرد، ئەوەی لە قازەكان بمێنێتەوە لەگەڵ من ئەیخۆن.

١١٤-١٢٧ نێردەی قەلەندەر گەیشتە شەوگەڕان(شوانكارە)، بە بارەگای پیرۆز، بارەگا واتە پیرۆزترین شوێنی شوانكارە، ئەو شوێنە هەرە پیرۆزەی وا تێیدا ڕونشتبوو. نێردە داوای وەڵامی شوانكارەی كرد كە بیباتەوە بۆ قەلەندەرشا.

شوانكارە كەوتە هەوڵەوە بۆ دۆزینەوەی وەڵامێكی گونجاو بۆ قەلەندەرشا.

شوانكارە كاهێنەكانی ئیسیب بیسی (میشیاو) موغانی میک (ماكویان)، ئاتوریەكانی لوماه (ئولو، لووە، ئیلو، پالو، پالە)، كوێخاكانی گودو(گودی، گوتی، چوخا، دیەگۆ، دیەخۆ)، گیرسیگا( گزیر)ەكانی دانیشتووی جیپاری بانگهێژ كرد و كەوتە ڕاوێژەوە لەگەڵیاندا. كوتی: من دەبێ چ بڵێم؟ چ وەڵامێک دەبێ بدەمەوە بە قەلەندەر؟ چ شتێک دەبێ بە خاوەنشكۆی وەنەوشە، خاوەن ڕای گوڵپێ بڵێم؟ كەڵی ئەو كەوتە شەڕەگاوە لەگەڵ كەڵی من بەڵام گاكەی وەنەوشە كەڵەكەی منی بەزاند. زانای من كەوتە ڕكابەرییەوە لەگەڵ زانای ئەو بەڵام زاناكەی وەنەوشە زاناكەی منی بەزاند. شەڕكەری ئەو() لەگەڵ شەڕوانی من() كەوتە شەڕەوە بەڵام شەڕوانی وەنەوشە شەڕكەری منی بەزاند.

١٢٨-١٣٤ خانەكە ( ئەنجومەنی ڕاوێژكاران) ڕاستەوخۆ وەڵامی شوانكارەی داوە بەم جۆرە: ئەوە تۆ بووی یەكەمجار وەڵامی بەرزەدەماخانەت بۆ قەلەندەری وەنەوشە بەڕێكرد. تۆ ڕێگەی پاشگەزبوونەوەت نیە لە بەرانبەركێی قەلەندەردا. تۆ ڕێگەی پاشگەزبوونەوەت لە بڕیاری خۆت نیە. خۆڕاگر بە! وا دیارە دڵت بڕوایی نادا بەوەی شتێكت دەستكەوێ!( واتە تۆ لەخۆت ناگەڕێی و سەربەگێچەڵی)، بەو جۆرەی وا

تێدەگەین(). شوانکارەی ئەودالْ هەڵیدا: ئەگەر ئەم هەرێمە وێران بکرێ من ئەبمە پۆتەی سوالْەت بەڵام قەت ئەژنۆ دانادەم بۆ خاوەنی وەنەوشە، شای گوڵپێ، قەڵەندەرشا.

۱۳۵-۱۵۰ئورژیرنونا (تەنگیوەر)ی سیمبار( کیمیاگەر) وا خەڵکی زەهاو بوو دوای ئەوەی زەهاو کاول کرا هاتبووە هەرێمی تیراوێ و لەوێ دەژیا زانایێکی ناوازە بوو لە زانستی نهێنیەکان و زانستەکەشی هی ئەو سەردەمە بوو وا لە زەهاو ژیابوو لە نهێنخانەیەک لە زێبارە ( بەرەزە، پارسیوە، سێبەران) ڕمڵی خست بۆ زنج (سەیرکردنی ئاسمان و ئەستێرەکان بۆ خوێندنەوەی داهاتوو) ڕووی کردە وزیر تەنگیوەر، وەزیری شائەنوش ئەگرە (سەنسەرە، سەنسورە، شوانکارەی ئەودالْ) کوتی: گەورەم! بۆچی گوێ لە ئامۆژگاری پیاوماقوڵان و ڕدێنسپیانی شار وا بەردی بناغەی ئەم شارەیان داناوە ناگرێ؟ بەڵام خاوەن شکۆ ئەودالْ شا پێداگر بوو: من وەنەوشە ئاوەدان دەکەمەوە، کەنداو درووست ئەکەم، وەنەوشە ڕادەستی بارەگای تیراوێ ئەکەم دوای ئەو هەڕەشە و گوڕەشەی وەنەوشە... بە دڵنیاییەوە گشت ناوچەکانی هەرێمی وەنەوشە لە سەردا بۆ خوار، لە دەریا ( ئەو شوێنەی وا دوو چەم ئەگەن بە یەک)وە تا سەوڵ ئاوە ( ئەو کێوەی وا ئەڕوانێ بە سەر ئاوەدا)، لە ژوورەوە بۆ چیا بۆنخۆشەکان گشت ئەخەمە ژێر ڕکێفی لەشکرە گەورەکەمەوە. با وەنەوشە بار و کڕ و کارەکانی بە گەمی بهێنێ بە دیاریی. با گەمی و کەشتیەکانی بە ڕیز بکا و بارخانەکانی تێکنێ بەرەو ئەبەزەی تیراوێ. وەزیری ئەگریشان( پەرێشان، ئەفراسیاو، شوانکارەی ئەودالْ) لە گورشیدە ی خۆی هاتە دەرەوە، ئەو...

۱۵۱-۱٦۲ ...گرژاڵە (تەنگیوەری سیمبار)...، ئەگەر هەر... گەورەم! بۆچی پیاوماقوڵانی شار، بنیاتنەرانی کۆنی ئەم شارە هەوڵێک نادەن؟

ئەودالْ شا كوتی: واز بێنە! ئامۆژگاریم مەكە! من خاكی وەنەوشە داگیرئەكەم وەک مەزرا ئەیكێڵم. وەنەوشە ئەخەمە ژێر ڕكێفی بارەگای تیراوێوە. دوای وتارەكەی وەنەوشە... سنوورەكان لە خوارەوە بۆ سەرەوە هەڵئەچنمەوە، لە دەریاوە هەتا كێوی سەوڵ، لە سەرەوە بۆ كێوی سەوڵە بۆنخۆشەكان، ملكەچی لەشكرە گەورەكەی من بە. بێڵە با وەنەوشە بارخانەكانی بە گەمی بهێنێ بۆ ئێرە. با وەنەوشە كەشتیەكانی پێكەوە ببەستێتەوە وەک قەتارە كەشتی بۆ گواستنەوە بەرەو ئەزاگین ی تیراوێ.

( وادیارە تەنگیوەری سیمبار بەڵێن بە شوانكارەی ئەودالْ ئەدا ئەمانەی بۆ جێبەجێ بكا)

١٦٣-١٦٩ ئەم بابەتە خاوەنی تیراوێ ی شاد كرد، هەر بۆیە پێنج نەوات (ئۆنس) زێڕی پێ بەخەڵات كرد، هەروەها پێنج نەوات زێوی پێ بەخەڵات كرد. خاوەن تیراوێ ئەو بەڵێنەشی پێدا ژەمە خواردنی خۆشی بۆ دابین بكات. بەڵێنی ئەوەشی دا خواردنەوەی سازگاری بۆ بەرهەم بێنێ. ئەو بەڵێنەشی دا: كاتێ پیاوەكانیان بە یەخسیر بگێرێن، ژیانت پڕ دەبێ لە شادی ()جامی خۆشبەختی ئەگریتە دەستت، خاوەن تیراوێ ئەو بەڵێنەی بە سیمباری زەهاویدا.

١٧٠-١٨٤ تەنگیوەری سیمبار، بەرهەمهێنەری دەنكە (دەخڵ)ە هەرە باشەكان هەنگاوەكانی بەرەو ئاكرێی شاری نیشاوێ (وەنەوشە) ئاراستە كرد و گەییشتە ئاخوڕ، ئەو شوێنەی وا ئاژەڵان لێیدەبن. گا لە ترسی ئەودا لە تەویلەكەدا ئەلەرزا. گای هێنا زمان بەو جۆرەی وا ئەڵێی مرۆڤە ئەدوێ... هەی گا! كێ كەرەی تۆ دەخوا، كێ شیری تۆ ئەخواتەوە؟

- وەنەوشە كەرەی من ئەخوا، وەنەوشە شیرەكەم ئەخواتەوە. بە پسپۆریی شیدان(تاش، تاج)ی درەوشاوە پەنیرەكەم درووست كراوە، گونجاوە بۆ هۆڵی نان خواردنی گەورە، خواردنگەی وەنەوشە. تا ئەو كاتەی كەرەی من لە ئاغڵ (كۆپارەی وشتر)ی پیرۆزەوە پێشكەش نەكرێ، تا ئەو كاتەی شیری من لە گەوڕ( گوانی مەڕ) پێشكەش نەكرێ ، گاكێویی ڕاوێستاوی وەنەوشە (نیشای، نیشابە)، یەكەم درووسكراوی ئێنلیل، قوربانی لە خەڵک ناستێنێ.

- گا! ڕۆنە کەرەی تۆ بە شاخی درەوشاوەت، شیرت بە پشتت. کەواتە کەرەی گا(ڕۆن)... بە شاخی درەوشاوەیەوە بوو، شیرەکەی ... بە پشتان، پزدانیەوە بوو...

*پزدان یا پشتان واتە گوانی مانگا بەڵام کۆڵوانە و کۆڵوار کە هێمای پزدانە ئێستاش لە لایەن مجێوری مزگەوتەکان و جووتیارانی کوردەوە کەڵکی لێوەردەگیرێ و نانی تێدا هەڵئەگرن و ئەیدەن بە پشتیانەوە و لە پێشەوە لە سەر سینگیان گرێی ئەدەن.- ئازاد کەریمی*

١٨٥-١٩٧ تەنگیوەری سیمبار گەییشتە " بارە- گا" واتە زیارەتگای پیرۆزی گا، لە نیشای. گەودە ( گەوتە، تەگە، گوتی، بەردۆزە) لە پێشیدا کەوتە لەرزە. گەوتەی هێنایە قسە هەر وەک ئەوەی مرۆڤە.

- گەوتە! ڕۆنی تۆ بۆ کێیە؟ کێ شیرت ئەخوا( کێ لە بەزەیی تۆ بەشدار ئەبێ)؟

- نیشابە (وەنەوشە) کەرەی من ئەخوا، نیشابە شیرەکەم ئەخواتەوە. بە پسپۆریی تاجی درەوشاوە پەنیرەکەم درووست کراوە، گونجاوە بۆ هۆڵی نان خواردنی گەورە، خواردنگەی نیشابە. تا ئەو کاتەی لە کۆپارەی وشتری پیرۆزەوە کەرەی من پێشکەش ئەکرێ. تا ئەو کاتەی شیری من لە گوانی مەڕی پیرۆزەوە پێشکەش نەکرێ ، گاکێویی ڕاوێستاوی نیسابە (نیشای، وەنەوشە) یەکەم درووسکراوی ئێنلیل قوربانی لە خەڵک ناستێنێ.

- گەوتە! کەرەی تۆ بە شاخی درەوشاوەت، شیرت بە پشدانت. کەواتە کەرەی گەوتە(ڕۆن)... بە شاخی درەوشاوەیەوە بوو، شیرەکەی ڕژایە پشتان، پزدانیەوە.

١٩٨-٢٠٥ لەو ڕۆژەدا ئاغڵی ئاژەڵان و بارەی گا بوو بە خانووی بێدەنگی. ئەوان ڕووبەڕووی کارەساتێک بوونەوە. شیر لە گوانی مانگادا نەبوو. ڕۆژ ڕەش داهات بۆ

گوێر(گۆلک) و گوێرەکەی ساوا برسی بوو و گوڕوی گرت. گوانی بزنەکە شیری تێنەهاتبوو. ڕۆژ لە کاریلە تاریک بوو. کاریلە و گەوتە پێکەوە ڕاکشابوون لە برسدا. گا و گۆلک بە پەژارەوە قسەیان کرد. بزن قسەی ئەکرد لەگەڵ کاریلەکەی. چادری پیرۆز بەتاڵ بوو، وشتر برسی بوو، وشتری برسی ڕاکشا.

٢٢١-٢٠٦ لەو ڕۆژەدا ئاغڵی ئاژەڵان و گابارە بوو بە خانووی بێدەنگی(کش و مات هەڵگەڕا). ئەوان تووشی کارەساتێک هاتبوون. کەڵەهێر( کەڵی سەرگەورەی گاڕان، گاگل) داردەستەکەی هاوێشت: مەراق ما. شوانە، گۆچانەکەی بەلادا هەڵواسی و دەستی بە گریان کرد.

کوڕە شوان نەچووە ئاغڵ و گەوڕ(گابار)ەوە، چونکە ڕێگەیەکی دیکەی گرتە بەر. شەنگەبێری سترانی نەچڕی چونکە ڕێگەیەکی دیکەی گرتە بەر. گاگل و شوانە ، ئەو دو کوڕە وا لە دایکێک زابوون، لە گەوڕ و ئاغڵی ئاژەڵاندا زل ببوون.

ناوی یەکەمینیان ماکگولا (کورمای) و ناوی دووهەمینیان اورادینا (دیناوەر، دینەوەر، ئەندیوەر) بوو. لە دەروازە گەورە، ڕوو بە خۆرهەڵات، ئەو شوێنەی وا زەوی مەراق مابوو، هەردووکیان لە نێوان کاول و وێرانەدا چەمابوونەوە و هاواریان بۆ ئوتو هێنا یاریدەیان بدا: تەنگیوەری سیمبار لە تیراوێوە ڕۆییشتە ئاغڵی ئاژەڵان. شیری بڕاندەوە، هەر بۆیە گۆلکەکان نەیانتوانی تێرشیر بن.

تەنگیوەری سیمبار ڕۆنەکەرە و شیری بڕاندەوە لە چرکەیەکدا. لە جیاتی( شیر و کەرەی مانگا کەمی کرد. تەنگیوەری سیمبار کەرە و شیری بزنەی قوتار کرد. ڕژاندنی شیر و ڕۆن و بوو بە کارەسات.

٢٢٢-٢٢٧ ...نزيک بوەوە. ... بوو بە هۆی خەسار(؟) تەنگيوەر بەرەو ئاكرێ سووڕا. ويستی فرات جادو بكات لە چەمی خواوەندەكان و وشكی بكا. تەنگيوەر بەرەو ئەرەک(ئاكرێ) ئەڕۆيی، ئەو شارە وا چارەنووسەكەی بە دەستی ئانۆ و ئێنليل نووسرا بوو. ژنە ژيرەكەی ساجبورو ( شاخوەرە، شاوەران بەدەس) هات بۆ بەرەنگاری و درووست كردنی كۆسپ بۆ ئەو.

٢٢٨-٢٣١ تەنگيوەری سيمبار، گەرای دوو ماسی كردە ڕووبارەوە. كيمياگەركارێكی وای كرد نقەيەكی زلە لە ئاو هاتە دەرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ژنی ژيری ساجبورو، هەڵۆييێكی لە ئاو دەرهێنا و هەڵۆكەيش پڕی بە نقە زلەكەدا كرد و بەرەو شاخان هەڵفڕی.

٢٣٢-٢٣٥ بۆ دووهەم جار، ماسی نێر و مێ گەرايان كردە ڕووبارەوە. كيمياگەر مەڕێكی ئافراند و لەگەڵ بەرخەكەی لە ئاو دەريهێنان.

لەگەڵ ئەوەشدا ژنە ژيرەكەی ساجبورو، گورگێكی لە ئاودا ئافراند و خوڕی بە مليا بێتە دەرەوە. گورگ لە ڕووبار هاتە دەرەوە و پەلاماری مەڕ و بەرخەكەی دا و بەرەو پانتای بيابان ڕای كرد.

٢٣٦-٢٣٩ بۆ جاری سێهەم ماسيەكان گەرايان كردە ئاوەكەوە. كيمياگەر مانگايێكی لەگەڵ بەرخەكەی لە ئاودا دروست كرد و لە ئاو هێنايانيە دەرەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ژنە ژيرەكەی ساجبورو شێرێكی لە ئاودا دروست كرد و لە ئاو هێنايە دەرەوە. شێرەكە پەلاماری مانگا و گوێرەكەی دا و بەرەو قاميشەڵانيانی برد.

٢٤٠-٢٤٣ بۆ چوارەم جار ماسيەكان گەرايان خستە ڕووبارەكەوە. كيمياگەر بزنە كێوی و مەڕەكێويەكی لە ئاو دروست كرد و لە ڕووبارەكە دەريانی هێنا. لەگەڵ ئەوەشدا ژنە

ژیرەکەی ساجبورو، پڵەنگێکی شاخانی لە ڕووبار ئافراند و لە ئاو دەریهێنا. پڵنگەکە بزنەکە و مەڕەکەی پەلاماردا و بەرەو شاخ ڕفاندنی.

٢٤٤-٢٤٨ بۆ پێنجەم جار، ماسیەکان گەرایان کردە ڕووبارەوە. کیمیاگەر کارمامزێکی لە ئاو هێنا دەرەوە. ژنە ژیرەکەی ساجبورو لەگەڵ ئەوەشدا تیگران( Tiger)ێک و یەک داڵشێر(چەرداوڵ، ئەرداڵ، لەگزی، ئاریشێر)ی لە ئاو ئافراند و پاشان لە ڕووبار هێنایانیە دەرەوە. تەرەغە و داڵشێر پەلاماری کارمامزەکەیان دا و ڕفاندیان بەرەو دارستان. ئەم ڕووداوە ناوچاوی کیمیاگەری گرژ کرد و ئاژاوەی خستە هزریەوە.

٢٤٩-٢٥٤ ژنە ژیرەکەی ساجبورو بە کیمیاگەری کوت: سێحرباز! تۆ هێزی جادوکردنت هەیە بەڵام کوا هزرت؟ چۆن ئەتوانی بیر لە جادوکردن لە ئێریێک(ئاکریێ) بکەیتەوە کە شاری نیشای یە، یەکەم شار، شارە خۆشەویستەکەی نینلیل (نیناوا، مینا، نینما، نیهاوان)، ئەو شارەی وا چارەنووسەکەی نەگۆڕ نووسراوە بە دەس ئانۆ و ئێنلیل؟

٢٥٥-٢٦٣ کیمیاگەر وەڵامی ژنە ژیرەکەی ساجبوروی داوە و کوتی: من چووم بۆ تیراوێ بێ ئەوەی ئاگاداری هەموو شت بووبێتم. من ملکەچی دەستڕۆییشتوویی بەڕێزتم. تکایە ڕووم لێ تاڵ مەکە.

تەنگیوەری سیمبار کەوتە پاڕانەوە و هاواری بۆ برد و کوتی: خوشکەکەم! ڕزگارم بکە! بەرم دە! با هێمنانە بگەڕێمەوە بۆ شارەکەی خۆم. بێڵە با بە ساخ و سەلامەتی بۆ تیراوێ، کێوی درەوشاوە بگەڕێمەوە. من ڕایئەگەیێنم ئەوەی ڕوویداوە.

٢٦٤-٢٧٣ ژنە ژیرەکەی ساجبورو وەڵامی داوە: لە ئاغڵی ئاژەڵان و گەوڕی گایەل دا ئاژاوەت ناوەتەوە، ڕۆنە کەرە و شیرت لەوێ بڕی. سفرەی فراوین و سفرەی خورێنی و سفرەی شێوت هەڵگرت. کەرە و شیرت لە ژەمی شێوانی ئێوارەخوان درێخ کرد. ... پەرێشانیت خستە وڵاتی وەنەوشەوە....

تاوانی تۆ ئەوەیە کەرە و شیرت بڕی کە هێمای ناخ و هێمای بەزەیی یە. ئیزەد ناننا (مانگ) فەرمانڕەوای شەوان (نیشای، نیشی، شوئین،سین)ی گەوڕە پیرۆزەکە بڕینی ڕۆن و شێر کە هێمای گیانە بە تاوانی گەورە ناساندووە و منیش ژیانت لێئەستێنمەوە.

ژنە ژیرەکەی ساجبورو ئەسیرەکەی خۆی فڕێ دا ناو ڕووباری فراتەوە. بەو سزادانە گیانی ژیانی لە سیمبار سەندەوە و پاشان گەڕایەوە بۆ شارەکەی خۆی واتە ئێرێک.

٢٧٤-٢٨٠ شوانکارە لەگەڵ بیستنی ئەم بەسەرهاتە، خێرا کەسێکی ناردە لای قەلەندەر:

- هەرتۆی سەرکردە خۆشەویستەکەی ئیزەدهانە، هەر تۆ گەردەنگازی! هانە لە ڕاستیدا تۆی بۆ داوێنی پیرۆزی خۆی هەڵبژاردووە. تۆ خۆشەویستی ئەوی.

لە ڕۆژاوەوە هەتا ڕۆژهەڵات، تۆ دەسەڵاتداری و من هەمووکات لە پاش تۆوەم. لەو کاتەوە جەستەمان گرساوە من هاوتای تۆ نەبووم، تۆ براگەورەی منی. من قەت ناتوانم لەگەڵ تۆدا بەرانبەرکێ بکەم.

٢٨١-٢٨٣ لە ڕکابەریی نێوان قەلەندەر و شوانکارەدا، قەلەندەر گەورەیی خۆی بە سەر شوانکارەی ئەودالْ دا نواند.

ئافەرەم لە باڵای نیشای!